# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

لەندەن\ 22جینیوەری2007:

## ڕێکخراوی شورای پەنابەران (رفیوجی کانسڵ) نیگەرانی خۆیان سەبارەت بەناردنەوەی پەنابەران رادەگەیەنن

**ئەمرۆ لەکۆبوونەوەی دەورەی بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق کە لەلەندەن بەسترا، هەڵوێستی ڕێکخراوی شورای پەنابەران لەو کۆبوونەوەیەدا بلاوکراویەوە و گفتۆگۆی لەسەرکرا لەبەر گرنگی ناوەرۆکی ئەم هەڵویستەی ڕێکخراوی ناوبراو ناوەندی هەولگری فیدراسیۆن بریاری دا دەقەکەی تەرجەمە بکات و بلأوی بکاتەوە کە لەخوارەوە هاتووە.**

# REFUGEE COUNCIL ONLINE

## ناردنەوەی بەزۆر کێشەی پەنابەری عیراقیەکان قوڵتر دەکاتەوە و سیاسەتێکی خەتەرناکە

2007-1-22

شورای پەنابەران (رفیوجی کنسل)زانیویەتی کەپلانی هەیە بەزۆری پەنابەران بۆ عیراق لەکاتیکدا رێکخراوە خزمەتگوزاریەکان باس لەکیشەی ئاوارەکانی عیراق دەکەن لەوولاتی دراوسێ ی عیراق.

راپۆرتەکان لەم رۆژانەدا ئاماژە بەوەدەکەن کەزیاد لە 2ملیون ئاوارەو پەنابەری عیراقی وولاتی خۆیان جیهیشتووە بەهۆی ئەو ململانێ و کیشە قوڵەی کە لەعیراقدا هەن.ئاوارەکانی عیراق لەوولاتانی دراوسێ دان وەك سوریا،ئەردەن ،میسرو لوبنان و هەروەها کیشەی ئەم وولاتانە ئەوەیە کەناتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو ئاوارەیە بکەن.هەندێ لەو وولاتانەش رێگە بە ئاوارەکان نادەن کە سنورەکانیان ببەزێنن کە ئەمەش دژی یاسای نیو دەولەتی یە و هەروەها رێکخراوە خزمەتگوزاریەکانیان ئاگادارکردۆتەوە کە ئەمە کیشەیەکی نیو دەولەتی یەوە دەبێت چارەسەر بکرێت.

دەولەتی بەریتانیا لەبری ئەوەی بەشێك بێت لەچارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە نالەبارەی عیراقیەکان ،بەلأم لەجیاتی سوك کردنی باری سوکی عیراقیەکان ،هەولی ناردنەوەی ئەو عیراقیانە دەدات کە لێرەن.

تۆمارەکانی وەزارەتی ناخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنها 8 هەزار عیراقی داوای پەنابەریان کردووە لە بەریتانیا لەدوای شەری 2003 وە زۆربەیان داواکەیان رەفزکراوە.

لەهەمان کاتدا ،تۆمارە رەسمیەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لەنۆمانگی یەکەمی ساڵی پاردا 1500 عیراقی گەراونەتەوە کە ئەمەش دوو ئەوەندەی ژمارەی ئەوانەیە کە لەو ماوەیەدا گەیشتوونەتە بەریتانیا.زۆربەی ئەوانە بە خۆبەخشانە گەراونەتەوە ،بەلأم نزیك 50 کەسیان بەزۆر نیراونەتەوە .ئیستا خەڵکێکی زۆر عیراقی گیراون بریار وایە کۆتای ئەم هەفتەیە بیان نیرنەوە.

(ئانا ریسینبەرگەر)کە لیپسراوی بالأی شورای پەنابەرانە دەڵێت:

((ئێمە لەلایەن رێکخراوە عیراقیەکانەوە لە دەرەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە پلان هەیە بۆ ناردنەوەی بەزۆری ژمارەیەك عیراقی ئەم مانگە.ئێمە زۆر نیگەرانیین لە ناردنەوەکانی پێشوتر .وە تیبینیمان زۆر هەیە لەسەر پرۆسەکەش چونکە زۆربەی ئەوانە رێگەیان پێنەدراوە کە پارێزەر بگرن و کەلەپچە بەکارهاتووە ئازار دراون و هەروەها فرۆکەی سەربازی بەکارهاتووە.لەو کاتەوە ئەوانە نیراونەتەوە زۆر زەحمەتە بزانرێت ئەوانە چیان لێهاتووە ،وە راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوانە یان وون بوون و بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە .سەرنجدان لەکیشەی قووڵی پەنابەرەو ئاوارە عیراقیەکان لەوولاتانی دراوسێ عیراق،ئێمە پێمان وایە بۆ ئاسانکردنی باری قورسی ئەو ئاوارانە و هەولدان بۆ چارەسەری

کیشەکانیان ،دەولەتی بەریتانیا پێویستە رێگە بدات کە عیراقی زیاتر بێتە ئێرە وبمینیتەوە،بەلاّم لە خراپترین حالەتدا ،پێویستە ئێمە کەس نەنیرینەوە و ژیانی کەس نەخەینە مەترسی یەوە کەدیارە بارودۆخەکە خراپ دەکات و کیشە ئینسانی یەکان خراپتر دەبیٚ))

**بۆ زانیاری زیاتر بە(Bob Deffee)** 0207346712

**تیبینی یەکان**:

1. 590 **داواکاری پەنابەری لەعیراقدا هەبووە لەمانگی یەکەمی ساڵی** 2006،**لەهەمان ماوەدا** 1500 **کەس بەخۆبەخش و زۆر نیراوەتەوە**.

**داواکاری پەنابەری لە**2003-2005 **لەعیراقەوە** 7125 **بەبیٚ منداڵەکان**

**سەرچاوە**:**سەرژمیرکانی وەزارەتی ناوخۆ**.

2. **فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی  و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەران بۆ عیراق خۆپیشاندانیك دەكەن رۆژی** 24-1-2007 **لەبەردەم وەزارەتی ناوخۆ دژی ناردنەوەی بەزۆری عیراقییەکان لەسەعات** 4 **تا** 6 **ئیٚوارە بۆ زانیاری زایاتر بە دەشتی جەمال بە ژمارەی** (07856032991 **ئیمیلی** d.jamal@ntlworld.com

**تەرجەمەی  لەلایەن محمد عەلی**

IFIR: **PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,  Mobile: 07856032991**
d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk   mobile: 07877489626
**or** 07929010257   Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083
www.csdiraq.com